# ستراتیژی نوێی ئەمریکا و جێگەوڕێگەی کورد

( بەشی چوارەم )

*ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی*

## *ستراتیجی نوێی ئەمریکا : دوژمنەکان کێن ؟*

**تیرۆریستان لە ئاسمانەوە نەهاتوون بەڵکو بەرهەمی واقعی ئەو کۆمەڵگایانەن کە تا ئێستا سیستەمی ئابووری و ڕەفتار و کلتورەکەیان هی سەردەمەکانی تاریکین . ئەمریکا و ڕۆژئاوا خەریکە بەو باوەڕە دەگەن کە هێشتنەوەی کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتیەکان ، بەتایبەتی ئیسلامیەکان ، لەو دواکەوتوویەی تیادا نقوم بوونە ، بۆتە مەترسیەکی گەورەیە لە سەر خودی ڕۆژئاوا . ئەو کۆمەڵگایانە ئەمرۆ بوونەتە شوێنی چالاکی و نەخشەو پیلاندارشتنی تیرۆریستان .**

**ئەگەر زەمینە و سەرچاوەی تیرۆر دواکەوتوویی و چەوسانەوە و نەبوونی ئازادیەکانە ئەوا ئەمریکا باش دەزانێ ناتوانێ سەرچاوەکانی تیرۆر ووشک بکا بەبێ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کۆنی ڕۆژهەڵاتی ، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست . بەڵام قسەکردن لە سەر دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان ، بە تایبەتی ڕۆژڵاتی ناوەراست ، بەبێ مۆدێرنیزەکردن و سیستەمێکی خوێندنی مۆدێرنانە ئەوا دیموکراتیەت بە تەنها کارکردی خۆی لە دەست دەدات . من مەبەستم ئەوە نیە کە دیموکراتیەت ئەولەویەتی پێنەدرێت بەڵام پێویستە گرێبدرێتەوە بە سیستەمێکی خوێندنی سەردەمیانەی کراوە بە جۆرێک دەرگای دەزگا پەروەردەیەکان و قوتابخانەکان بکاتەوە لە رووی نوێترین زانستە نوێ و دابونەریتە عەقلانی و ئینسانیەکانەوە . پێموایە ئەمرۆ ڕۆژئاواش لە هەموو کات زیاتر تێگەیشتووە کە مۆدێرنیزم یەک یەکەیە و دابەش ناکرێ . ڕۆژهەڵاتی کۆن بەو کولتورو زهنیەت و ڕەفتارە دواکەوتووانەی بۆتە جێگەی مەترسیەکی جدی لە سەر مۆدێرنیزمی ڕۆژئاوا .**

**بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر تیرۆر وەک تارماییەک دێتە پێش چاو بەو مانایەی لە هەموو شوێنێک توانای چالاکی و خۆنواندنی هەیە ، ئەی ئەمریکا چۆن دوژمنەکانی دیاری دەکا ؟ . بێگومان ئەمریکا ناتوانێ لە گەڵ تارمایی شەڕ بکا بۆیە هەوڵدەدا ستراتیجی خۆی لە دژی تیرۆر لە چەند روویەکەوە بەرەوپێش ببا : دژایەتی کردنی**

ڕێکخراوە تیرۆریستەکان لە سەر ئاستی جیهاندا لە لایەک و باشکردنی ڕەفتاری یان ڕووخاندنی دەولەتە بەرهەڵستکارەکان لە لایەکی تر . ئەمرۆ شاراوە نیە کە شەبەکە تیرۆریستە جیهانیەکان دەبێ لایەنێکیان هەبێ کارئاسانیان بۆ بکا لە ڕووی شاردنەوە و گواستنەوە و کڕینی پێویستیەکانیان ، ئەم کارانەش تەنها کارێکن کە دەوڵەتان دەتوانن پێی هەڵسن ، ڕەنگە ئەو دەولەتانە ڕاستەوخۆ یارمەتیان نەدەن بەڵام چاو لە چالاکیەکانیان دەپۆشن . لێرەوەیە ئەمریکا دوژمنەکان دیاری دەکا و بە باوەڕی من ستراتیجی نوێی ئەمریکا دەیەوێ ئەو دوژمن و ئامانجانەی خوارەوە بپێکێ :

*1 ـ وڵاتە دیکتاتۆرە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا* : ئەمریکا ناتوانی چاوپۆشی لە سیستەمی پەروەردە و سیاسی کۆمەڵگای ئەم وڵاتانە بکات چونکە ئیتر پێویستی ئاسایش و بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمریکا یەکناگرێتەوە چیتر لەگەڵ بەردەوامی ئەو کۆمەڵگا نەخۆشانە کە تیایاندا تا ئێستا سیستەمە پەروەردەکەیان مێشکی ملیۆنان منداڵ بە توندڕەوی و دژایەتی کولتوری ڕۆژئاوا و ئەمریکا پەروەردە دەکا و لە جیاتی تێگەیشتنێکی مێژوویی بۆ ئایین ، مرۆڤەکان بە تێگەیشتنێکی ئەفسووناوی لە ئایین فێردەکات . ئەمریکا ، بۆ یەکەمین جارە ، بە ئەرکی خۆی دەزانێ و مەجبورە دەستوەربدات لە سیاسەتی ناوخوی ئەم وڵاتانە . لە سەردەمی دوای 11 سێپتێمبەر 2001 بە دیموکرتی کردنی جیهان ، ئەگەر نیوەچلیش بێت ، بە تایبەتی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی بۆتە بەرژەوەندیەکی نەتەوەیی ئەمریکی . ئەمڕۆ بوونی لایەنی کەمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و سیستەمێکی مۆدێرنانە کە بە لایەنی کەمەوە هەندێک سەردەمیانە بێت بە جۆرێک منداڵەکان بە بیروباوەڕی دژایەتی کولتوری ئەمریکا و رۆژئاوا پەروەردە نەکات بۆتە پێویستیەکی ئەمریکا و ڕۆژئاوا . لێرەوە دەتوانین لێدوانە یەک لە دوای یەکەکانی لێپرسراوە ئەمریکایەکان تێبگەین سەبارەت بە زەڕورەتی گۆڕینی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆناوچەیەک ، دیموکراسی تیادا بەرقەرار بێت .

ئەمریکا چۆن دەتوانێ سەرکەوتوو بێت لەو سیاسەتە نوێیەی لە کاتێکدا مێژووەکەی لە گەڵ ئەم دیکتاتۆرانەی ناوچەکە شتێکی تر دەگێڕێتەوە ؟

واپێدەچێ ئەمریکا بڕیاری ئاڵوگۆڕی یان ڕیفۆرمی ئەو ڕژێمانەی داوە ، ئەمەش لە ڕێگەی ڕیفۆرمی ئاشتیانەی ئەم ڕژێمانە بە پیادەکردنی ریفۆرم لە سیستەمەکەیاندا بە جۆرێک ڕێگا بە ئۆپۆزیسۆن و دروستکرنی حیزب و ڕێکخراوە ناحکومیەکان بدرێت و ئالوگۆری دەستهەڵات بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەڕێوە بڕوات . گومان لەوەدا نیە لە هەر

ڕژێمێکی دیکتاتۆری ئالوگۆڕی لەم بابەتە یانی  کۆتایی هێنان بە ڕژێمە کۆنەکە و هاتنە پێشەوەی توێژێکی نوێ لە دەستهەڵاتداران .

2 ـ وڵاتانی خاوەن چەکە کۆکوژەکان یان ئەوانەی هەوڵی پەیداکردنی دەدەن : لێرەدا مەبەست لەو وڵاتانەیە کە ئەمریکا بە "بەرەی شەیتان " وەسفیان دەکا . ئەم وڵاتانە بەو پێیەی لە ژێر هەژموونی ئەمریکادا نین  ئەوا جێگای باوەڕی ئەمریکا نین .  ئەمریکا ترسی ئەوەی هەیە کە ئەم وڵاتانە لە سەردەمێکیدا لەوانەیە تەکنیکی چۆنیەتی دروستکردنی چەکە کۆکوژەکان یاخود چەکەکە خۆی بدەنە تیرۆریستان و لەو کاتەشدا تیرۆریستەکان بەکاری بێنن لە دژی ئەمریکا و رۆژئاوا . هەلسەکەوتی ئەمریکا لە گەڵ ئەم جۆرە وڵاتانە بە یەکێک لەم دوو شێوەیە دەبێ :

یەکەم : هێرش کردنە سەریان و رووخاندنیان بە هێزی سەربازییەوە

دووەم : دروستکردنی کێشەی سیاسی و هاندانی خەلک بۆ ڕاپەڕین لە دژی ڕژێمەکانی ئەم وڵاتانە بە یارمەتی ئەمریکا یاخود لەوانەیە بە بەکارهێنانی کارتی  پشتیگریکردن لە مافی نەتەوە چەوساوەکانی لەم  دەولەتانە دا هەن کێشەی جدییان بۆ بنێتەوە  . بۆ ئەمریکا مەسەلەی ڕێگرتن لە بلاوبوونەوەی چکەکۆکوژەکان مەسەلەیەکی چارەنووسازە بۆیە لەوانەیە ئەگەر ڕێگا چارەسەرەکانی تری بۆ نەچووە سەر هەولی دابەشکردنی هەندێک لەو دەوڵەتانە بدات یاخود سەرلەنوێ چاوبخشێنێتەوە بە نەخشەی جوگرافیای سیاسی ناوچەکە .

***ستراتیجی نوێی ئەمریکا : ئامرازەکانی سەرکەوتن کامانەن ؟***

هێزو و کارکردێک ئەمریکا ئەمڕۆ لە سەر جیهان هەیەتی لەرابردوودا هاوشێوەی نەبووە . ئەم جێگە و ڕێگەیەی ئەمریکا لێپرسراوەتی و ئیلتزاماتی گەورەی دەخاتە سەرشان و ناتوانێ پشتیان تێبکات . ڕابەڕایەتی جیهان تەنها مافێک نیە بەڵکو ئەم مافە لێپرسراوەتیشی تێدایە ، بە چاوپۆشین لێیان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تووشی کارەسات دەکات . ئەمریکا بۆ بەجێگەیاندن و پاڵپشتیکردنی ستراتیجە نوێیەکەی دەبێ سیاساتی نوێش پەیڕەو بکات لە بەرامبەر جیهاندا . ئەمریکا بۆ سەرخستنی ستراتیجە نوێیەکەی سوود لە هێزی  سەربازی و  پالەپەستۆی دبلوماسی وچارەسەری کێشە ناوچەیەکان و ئابلۆقەی ئابووری وەردەگرێ .بە کورتی هەموو ڕێگایەک دەگرێتە بەر کە بەباوەری من بە شێوەیەی خوارەوە دەبێ :

**1 ـ پاش 11 سێپتێمبەر زۆرێک لە عورف و سیاسەتی دەولی ئالوگۆڕیان بەسەر هات . ئەمریکا بەو قەناعەتە گەیشت کە دەستپێشخەریکردن لە شەڕ لە دژی دوژمن و بردنی مەیدانی شەر بۆ سەر خاکی دوژمن ، هەرچەند زیانیشی هەبێ ، ئەوا کەمترە لەو زیانانەی لە ئەمریکا دەکەون ئەگەر خاکی خۆی مەیدانی شەڕبێت . دەستپێشخەری لە شەڕ و شەڕی وقائی بوەتە بەشێک لە سترتیجی نوێی ئەمریکا .**

2 ـ *{ ولاتە یەکگرتووەکان بەرگری لە ، خەڵکی ئەمریکا ، وبەرژەوەندییەکانمان لە ناوخۆ و دەرەوەدا دەکات بە دەستنیشانکردن و تێکشکاندنی مەترسی پێش ئەوەی بگاتە سنورەکانمان . لە کاتێکدا ولاتە یەکگرتووەکان بە نەگۆری هەوڵدەدا پاڵپشتی جیهان تۆمار بکا ، ئەوا ئێمە نالەرزین بە تەنیاش هەلسوکەوت بکەین ، ئەگەر پێویست بوو، بۆ ممارسەکردنی مافی بەرگری لەخۆ لە رێگەی کردەوەیەکی وقائی دژی ئەو تیرۆریستانە , بۆ رێلێگرتنیان لە ئەزییەتدانی خەڵک و ولاتەکەمان }* . (نامیلکەی ستراتیجی نەتەوەیی ئەمریکا ، سێپتێمبەری 2002 ) (1) .

**پاش 11 سێپتێمبەر ئەمریکا بەوە باوەڕە گەیشت کە بۆ بەرگری لە ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی دەبێ دەستپێشخەربێ لە شەر لە دژی تیرۆریستان و هەر مەترسیەکی تر و چونکە ناتوانێ ئەمریکا چیتر چۆنیەتی پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا وازلێبێنێ بۆ بڕیارەکانی رێکخراوە بیرۆکراتە نێودەوڵەتیەکانی ئێستا . لێرە بە دواوە بڕیاری هەلگیرساندنی شەڕو هەر سیاسەتێکی تر ئەگەر پێویست بێت بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەمریکا و بەرژەوەندیەکانی ، ڕاستەوخۆ بڕیارێکی ناوخۆی ئەمریکا دەبێ . بەڵام پرسیار ئەوەیە ، ئایا ئەمریکا ئەمەی بۆ دەچێتە سەر ؟ . گومان لەوەدا نیە کە سەپاندنی ئالوگۆڕە مێژوویەکان ئاسان نیە و رێگری جدی بۆ دێتە پێش بۆیە ڕەنگە ئەمریکا بۆ لابردنی ڕێگریەکان ، بڕیاربدات هەندێک لە لایەنەکانی ستراتیجە نوێیەکەی بگۆڕێ .**

**3 ـ ئەمریکا هەوڵ دەدات بۆ دروستکردن و بنیاتنانی کۆمەڵگا ئابووریەکان لە پێناوی گەشە و پەرەپێدانی ئابووری جیهان و ئەمریکا کە ئەمەش کارکردی راستەخۆی دەبێ لە سەر گەشەی بنەما ئابووریەکانی ولاتانی دواکەوتوو ، بەڵام ئەمە ئەوە لە ئەوروپا و ئەمریکا دەخوازێ سنورێک بۆ چاچنۆکی خۆیان دابنێن بە کەمکردنەوەی ئەو قازانجەی کە دەیکەن لە رووی ئابووریەوە . لە ڕاستیدا دروست کردنی بازارە ناوچەیەکان بە پاڵپشتی ئەمریکا و ئەوروپاییەکان دەوری جدی دەبینێ لە کەمکردنەوەی جیاوازی ئاستی ژیانی خەڵکی ئەم ناوچانە لە گەل شوێنەکانی تر .**

## سەرچاوەکان :

**1 ـ (ناميلكەی ستراتيجی ئاسايشی نەتەوەيی ئەمريكا ، سێپتێمبەری 2002 ) defending the United States, } the American people, and our interests at home and abroad by identifying and destroying the threat before it reaches our borders. While the United States will constantly strive to enlist the support of the international community, we will not hesitate to act alone, if necessary, to exercise our right of self-defense by acting preemptively against such terrorists, to prevent them from doing harm against {our people and our country**